SCfEK Support Committee for Free Elections in Kurdistan

کۆمیتەی پشتیوانی هەڵبژاردنی ئازاد لە کوردستاندا

www.scfek.com

| | |
|---|---|
| **Press Release No: 1**<br>**London 25 June 2009** | **بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی ژمارە: 1**<br>**لەندەن 25ی حوزەیران 2009** |

# کۆمیتەی پشتیوانی لەهەڵبژاردنی ئازاد لە کوردستان دا

لە ڕۆژی 2009/7/25 دا، هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەنگدەدەن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان. یەکێک لە مافە بنەڕەتیەکانی خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و ڕەوادا نوێنەرەکانیان بۆ پەرلەمان هەڵبژێرن، کە ئەوەش بۆخۆی دەبێتە هۆی دامەزراندی حکومەتێکی یاسایی و لێپرسراو. لە سەرتاسەری دنیادا تاقیکردنەوەی ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسی تیایاندا ساوایە، دەریخستووە کە چاودێرانی هەڵبژاردن ئامرازێکی گرنگ و بنەڕەتی پرۆسەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و ڕەوان. ئێستا چاودێریکردنی نێودەوڵەتیانەی هەڵبژاردن لە دنیادا بۆتە نەریتێکی باوو پەسندکراوی نێودەوڵەتی.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، کە هەڵبژاردن ڕێک دەخا و سەرپەرشتی دەکات، بە ڕۆڵی چاودێرانی هەڵبژاردن دەزانێ و وای باس دەکات کە " یەکێکە لە کارە گرنگەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن. چاودێرانی هەڵبژاردن دڵنیاکەرەوەی پاراستنی ڕۆشنی و پاکی پرۆسەی هەڵبژاردنن تا خەڵکی دڵنیابکرێنەوە لەوەی کە ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان بەڕاستی نوێنەرایەتی خواستی زۆرینەی خەڵک دەکەن". چاودێرانی هەڵبژاردن برەو بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەدەن.

بۆ ئەوەی پرۆسەکە گاریکەرتربێت، چاودێرانی هەڵبژاردن پێویستیان بەوەیە دەستیان بگاتە گشت قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن و هەموو ئەو کەسانەش کە کاری تێدا دەکەن. چاودێرانی هەڵبژاردن پێویستە ئازادبن لە جوڵان و دەربڕینی ڕاوبۆچونەکانیان و چاودێری گشت قۆناغەکانی هەڵبژاردن بکەن و لە گەڵ چاودێرانی لایەنەکانی تردا هاوکاری بکەن. هەروەها چاودێرانی هەڵبژاردن چاودێری تۆمارکردنی دەنگدەران و، کەمپەینی هەڵبژاردن و، دەنگدان و دەنگ ژماردنیش دەکەن. ئامادەبوونیان مایەی دڵنیابوونی دەنگدەرانە و ڕێگەش لە فرت و فێڵ و، لادان وساختەکاری دەگرێ و بەوەش جەماوەر بڕوای بە پرۆسەی هەڵبژاردن زیاتردەبێت.

لە ئەنجامی ووشیار بوون لەو خاڵانەی سەرەوە و بە بڕوابوون بە ڕۆشنی و، پاکی و، ڕەوایی و ئازادیی هەڵبژاردن، ژمارەیەک لە کەسایەتی کوردی بەریتانیا بە هاوکاری چەندین کەسایەتی ناوداری بەریتانی "کۆمیتەی پشتیوانی لەهەڵبژاردنی ئازاد لە کوردستان" یان دامەزراند تا وەک چاودێری نێودەوڵەتی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن. ئامانجی ئیمە ئەوەیە کە، لە پێش و لە کات و لە دوای هەڵبژاردنەکاندا، چاودێری گشت لایەنەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەین.

کۆمیتەکەمان ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ناحکومی‌یە، کە پشتیوانی و لایەنگری و پارە پێدەری هیچ کاندید و حزبێک نییە. کۆمیتەکەمان دەربڕی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانە لەئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیموکراتی و ئازاد و ڕەوا لە کوردستاندا. ئێمە لە کاری هەڵسەنگاندن و نرخاندندا، پێوەری نێودەوڵەتیی گونجاو بەکاردەهێنین.

**چاودێرەکانی کۆمیتەی پشتیوانی لە هەڵبژاردنی ئازاد لە کوردستان دەبێت:**

- پێویستە چاودێرەکان بەپێی ڕێنماییە ناسراوەکانی نێودەوڵەتی و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ چاودێرانی هەڵبژاردن کاربکەن تا بێلایەنی و شارەزایی بسەلمێنن.
- بە تەواوی بێلایەنی خۆیان بپارێزن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا و بەلای هیچ کاندید و حزبێکدا نەیشکێننەوە.
- بەشێوەیەکی پرۆفشناڵ ئەرکەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن و دەستوەرنەدەنە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە. پێویستە ئەنجامگیرییەکانیان لە سەر بنچینەی چاودێرییەکانی خۆیان و ڕاستی و بەڵگەبێ.
- نارێکیەکان بەرەوڕووی کارمەندانی هەڵبژاردن بکەنەوە بەڵام دەستوەرنەدەنە کارەکانیان.
- ناسنامەی چاودێرییان پێ بێت و گوێڕایەڵی گشت یاسا و ڕێنماییەکانی هەرێم و نێودەوڵەتی بن.
- بەرزترین ئاستی هەڵسوکەوتی پرۆفشناڵ و ڕیکوپێک بنوێنن.

**لە جیاتی کۆمیتەی پشتیوانی لەهەڵبژاردنی ئازاد لە کوردستاندا:**

دکتۆر ڕزگار ئەمین
دکتۆر شیروان موفتی
صەباحی غالب
دکتۆر موحەممەد کەیانی

**Support Committee for Free Elections in Kurdistan (SCFEK)**
Web: www.scfek.com, Email: info@scfek.com, Mob: 07900534271